زانكۆی سەلاحەدین ـــ هەولێر
كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی
بەشی باخچەی منداڵان

**بابەت: پەروەردەی پێشەنگكاری**

# وانەی یەكەم: پێشەنگاری ، و پێشەنگكاری لە كۆمەڵگەدا

قۆناغی دووەم ـــ كۆڕسی یەكەم

م. خێڵان أبوبكر ـــ م. محمد علي

**18/9/2023**

# ناوەڕۆکی بابەتەکەمان


1 چەمکی پێشەنگاری و بنچینەی زمانەوانی

2 هۆکارەکانی گەشەسەندن و گۆڕانی بنەڕەتی لە پێشەنگکاری

3 پێناسەی هاوچەرخ و گرنگی سەرهەڵدانی پێشەنگکاری

4 پێشەنگکاری لە کۆمەڵگەدا




# Learning Outcomes

## دەرئەنجامەکانی فێربوون:



1. ناساندنی چەمکی پێشەنگکاری و گرنگی و ئەرکەکەی

2. ڕۆڵ و گرنگی و کاریگەری پێشەنگکاری لە کۆمەڵگەدا

# دەستپێک بە چەند پرسیارێک

- تا ئێستا هەوڵتداوە کار بکەی یا هیچ ئەزموونی کارکردنت هەیە ؟ لەو ئەزموونە چی فێربووی ؟
- ئایا ڕەوشی هەلی کار لە هەرێمی کوردستاندا چۆنە ؟ چارەسەر چیە ؟
- خەون لە کارکردن بە چ بوارێکدا دەبینی ؟ لەبەرچی ؟
- پێتوایە بەرهەم و خزمەتگوزاریە نوێیەکان چۆن لە دایک دەبەن ؟
- جیاوازی چیە لە نێوان بەرهەم (المنتج) و خزمەتگوزاری (الخدمات)؟
- ئایا چ تایبەتمەندیەکی بەرهەم یان خزمەتگوزاری سەرنجت ڕادەکێشێ ؟

# چەمکی پێشەنگاری

+ چەمکی پێشەنگکاری لە زمانی کوردیدا:

- ... (پێشەنگ) و (کار) بە واتای (پێشەنگبوون لەکار) دێت.

- هەرچەندە لە هەندێ ناوەندو ڕێکخراو (کارسازی)یش بەکارهاتووە ، بەڵام ئەگەر وردبیەوە بە وەرگێڕانێکی دروست دانانرێت ، چونکە پێشەنگکاری جیایە لەگەڵ بزنسێکی ئاسایی...

# بنچینەی زمانەوانی

+ بنچینەی زمانەوانی و مێژووی سەرهەڵدانی:

- وشەی پێشەنگکاری لە بنچینەدا لە وشەی (entreprendre)ی فەرەنسی وەرگیراوە واتا دەستکردن بە ئەنجامدانی کارێک.
- بۆ یەکەم جاریش ئابوریناسی فەرەنسی – ئێرلەندی (ڕیچارد کانتیلن) پێناسەی پێشەنگکاری کرد.
- هەروەها ئابوریناسی فەرەنسی (جین باپتیست) پێی وایە وشەی پێشەنگکاری بۆ یەکەم جار لە سەدەی ١٩ بەکارهاتووە.
- بە گوێرەی هەندێ سەرچاوەی مێژوویش وشەی پێشەنگکاری بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٧٣٠ لە دەستنوسەکانی (ڕیچارد کانتیلن) دۆزراونەتەوە.

## هۆکارەکانی گەشەسەندنی پێشەنگکاری:

یەکەم: پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا...

دووەم: سیاسەتی حکومەتەکان...

سێیەم: زۆری ڕێژەی بێکاری لە ساڵانی ڕابردوو..

# پێشەنگکاری لە سەدەی ٢١ :

پێشـەنگکاری لە وڵاتە پیشەسـازیە پێشـکەوتووەکان بە پـلەی یەکەم هەسـتی پـێ دەکرێـت ، دواتـر وڵاتە تـازە پێگەیشـتووەکان ، لە ئێستاشـدا لە زانکـۆ و ناوەنـدە ئەکادیمیەکـان گرنگـی زیـاتری پـێ دەدرێـت بەتـایبەت مامۆستا و قوتابی زانکۆ...

## گۆڕانی بنەڕەتی لە تێگەیشتن لە چەمکی پێشەنگکاری:

- کۆ دەنگی نادۆزرێتەوە لە یەک پێناسەدا بۆ پێشەنگکاری..
- چەمکی پێشەنگکاری گۆڕانێکی ڕیشەیی بەسەرداهات پاش ئەوەی (جۆزێف شومپتەر) وشەی داهێنانی لە ساڵی ١٩٣٤ خستە ناو پێشەنگکاری ، و پێی وابوو لە پێشەنگکاری دەبێ داهێنان یان نوێگەری ئەنجام بدرێ ، بۆیە بە ڕای ئەو (پێشەنگکاری کار دەکا لەسەر تێکشکاندنی شێوازی کۆن و لە جێدانانی نوێگەری).



+ **پێناسەی هاوچەرخ بۆ پێشەنگکاری:**

- بریتیە لە گەڕان و دروستکردن و هەڵسەنگاندنی بەردەوامی دەرفەتێکی کار پاشان دروستکردنی بزنسێکی بچووک یان مامناوەند ، بە مەبەستی قازانج و سوودی دارایی و پێشکەوتن و گەشەسەندنی ئابووری و بوژانەوەی کۆمەڵگە بە دابینکردنی هەلی کار بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە.
- بریتیە لە نوێگەری کردن یان داهێنان لە بزنسێکی کۆن.

## + ئاراستەی کارکردنی پێشەنگکاری:

کەمکردنەوەی گرفتەکان ... دەستنیشانکردنی گرفت ... دۆزینەوەی دەرفەتی نوێ لە گرفتەکان ... ئەگەر ئەمانە هاتە کایەوە ئەوا عەقڵیەتی پێشەنگکاری دروست دەبێت...

## + ئەرکە نوێیەکانی پێشەنگکاری:

(جۆرج گلایدەر) دەڵێ: پێشەنگکاری ، هەمیشە دونیا بە نوێی دەهێڵێتەوە ، بوێری لە کردار دەهێنێتە پێشەوە. پێشەنگکاری پێویستە درێژخایەن و ژینگە دۆست بێت.

## + پێشەنگکاری و ئاڕاستەکردنی عەقڵیەتی تاک:

پێشەنگکاری دونیا بینینێکی تر دەدات بە هەموو تاکێک کە هیچی تر گرفتەکان بەسەر ئێشە و بێزاربوون نەبینن.

## + وێنە بەرفراوانەکەی پێشەنگکاری:

پێشـەنگکاری پێویستی بە پلانـدانان و کۆکردنەوەی سـەرچاوەکان و بەڕێوەبردن و سـەرکردایەتی کردنی تیمێک ، تا دەگاتە بزنسێکی سەرکەوتوو ، کە بە بەرهەمێک یان خزمەتگوزاریەکی نوێ کۆتایی دێت ، دواتر ساغ دەکرێتەوە...

## گرنگی سەرهەڵدانی پێشەنگکاری:

١- نوێبوونەوە دەدات بە گشت بوار و لایەنەکانی ژیان ، سەرەڕای ئەوەی بەرهەم و خزمەتگوزاری نوێ دەهێنێتە کۆمەڵگە..

٢- بەرهەم و خزمەتگوزاریە کۆنەکانی ناو کۆمەڵگە جارێکی تر نوێدەکاتەوە بەشێوەیەکی بەرچاو و سەرنجڕاکێش..

٣- لەسەر ئاستی تاکیش هۆشیاریەکی تەواو دەدات کە چۆن بەرهەم و خزمەتگوزاریە نوێیەکان لەدایک دەبن..

## پێویستی پێشەنگکاری بۆ ژینگەی کوردستان:

- کوردستان ژینگەیەکی باشە بۆ پێشەنگکاری لەبەر ئەوەی کامە وڵات باری ئابوری خراپ بوو ، تووشی قەیران و دارمان بووە پێویستە زیاتر و خێراتر کارە پێشەنگکاریەکان تێدا پەرەبسێنێ...
- بە مانایەکی تر بۆشایی ئابووری و بێکاری وادەکات پێشەنگکاری بەشێوەیەکی چڕ لەدایک بێت...

# پێشەنگکاری لە کۆمەڵگەدا

+ ڕۆڵ و پێگەی پێشەنگکاری لە کۆمەڵگەدا:

- پێشەنگکاری دەتوانێ دابینکردنی ڕێژەی هەلی کار بباتە ئاستێکی زۆر بەرز لە ڕێگای زیادبوونی کارگەی نوێ ، بازاڕی نوێ و تەکنەلۆژیای نوێ...

+ پێشەنگکاری و بوژانەوەی بوارە جیاوازەکان: بەهۆی پێشەنگکاری باری سیاسی و ئابوری و تەندروستی و پەروەردە و کشتوکاڵ و ئەندازیاری و گەشت وگوزار... هتر زیاتر بوژانەوە بەخۆیەوە دەبینێ...

+ پێشەنگکاری و ژینگەپارێزی: پێشەنگکاریەکی دروست بە ژینگە پاراستنەوە بەندە...

+ پێشەنگکاری و کاریگەریە گشتیەکان: پێشەنگکاری کاریگەری گشتی دەبێت بۆ سەر کۆمەڵگە...

# بابەتی وانەی داهاتوو بۆ ڕۆژی دووشەم 2023 _9_25

- جۆرەکانی پێشەنگکاری
+ پێشەنگکار
- تایبەتمەندیەکانی پێشەنگکار

